کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 10:08 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بایدن پەیمان دەدات کە شەڕی بوش بکات ئەگەر سوپای زیاتر بنێردرێت بۆ ئێراق! ... ئان فلارتی:... وەرگێران: هیوا بەکر**

26 ی دیسەمبەری 2006 **ئەسۆشییەیتد پرێس**


U.S. Senator
Joseph R. Biden Jr.

واشنتن- سیناتۆر جۆزێف بایدن، کە دەبێتە سەرۆکی داهاتوی کۆمیتەی سیناتۆرەکان بۆ پەیوەندیەکانی دەرەوە، وتی کە ئەو شەڕی سەرۆك بوش دەکات، ئەگەر ئیدارەکەی بڕیاری ڕەوانەکردنی هێزی زیاتر بدات بۆ ئێراق.

بایدن، کە چاوی لەوەیە دیموکراتەکان وەك پاڵێوراوی خۆیانی هەڵبژێرن بۆ سەرۆکایەتی داهاتوی ئەمریکا، هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە ئەگەر کۆماریەکانی ناو کۆنگرێس لەگەڵ ڕای ئەمدا نەبن و دژی بۆش نەوەستن ئەوا ئەوان، واتە کۆماریەکانن، نەك دیموکراتەکان کە هەڵبژاردنەکانی 2008 دەدۆڕێنن.

"من هەر زۆر بە ستراتیجێکی هەڵەی دەزانم" بایدن ڕۆژی سێ شەممە وتی سەبارەت بە ناردنی هێزی زیاتر.

بوش ڕێگەچارەکانی لە ئێراق هەڵاوگێر دەکات، لە پاش ئەوەی کۆماریەکان کۆنترۆڵی ناو کۆنگرێسیان لەدەست دا لە هەڵبژاردنەکانی 7 ی نۆڤەمبەر و لە دوای ئەوەش کە دەستەیەکی هەڵبژێردراو (بای پارتیزان) لە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری ئەمریکیەوە پلانەکانی بوشیان بەوە وەسف کرد کە بە شێوەیەکی مەترسی دار لە ڕێڕەوی خۆی لای داوە. گروپی لێکۆڵینەوەی ئێراق، کە لە لایەن جەیمس بەیکەر و لی هامیلتۆنەوە سەرپەرشتی کرا، پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەمریکا لە توانایدایە هێزە شەرکەرەکانی لە ئێراق بکێشێتەوە بە پێ نانە سەرەتاکانی ساڵی نوێوە. وە ئەو هێزە کەمەش کە دەمێنێتەوە ئیشی ئامۆژگاری کردنی یەکە ئێراقیەکانیان پێ بسپێرێت.

لە کاتێکدا ئیدارەی ئەمریکی سورە لەسەر بە کراوەیی هێشتنەوەی هەموو ڕێگەچارەکان لەسەر مێز بە هیوای ئەوەی کە بوش بڕیاری کۆتاییان تێدا بدات کە لە مانگی داهاتودا دەبێت، بەڵام ناردنی نزیکەی 30، 000 سەربازی تر وەك ڕێگەچارەیەکی خوازراو لە لایەن بوشەوە زۆر بە فراوانی لەبەرچاودەگیردرێت.

بایدن وتی کە ڕاسپاردەکانی بەیکەر-هامیلتۆن سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە و ئەو دەیەوێت چەند دانیشتنێك (لێکۆڵینەوە) لەوبارەیەوە ڕێك بخات کە لە 9 ی مانگی داهاتوو دەست پێبکات و بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە کۆندۆلیزا ڕایس کردووە کە وتەی هەبێت لەوبارەیەوە و بەڕێز کۆندۆلیزا ڕایس ڕازی بووە بەڵام وتی تەنها لە پاش ئاشکراکردنی پلانی نوێی ئێراق لە لایەن سەرۆك بۆشەوە ئەو ئامادە دەبێت کە شایەتی خۆی بدات.

لە کۆنفرانسێکی تەلەفونیدا لەگەڵ پەیامنێرەکان، بایدن وتی کە مەبەست لەو دانیشتنانە ئەوەیە کە بگەنە کۆدەنگیەك لە نێوان بڕیاربەدەستان سەبارەت ئێراق وە بۆ فشارکردنە سەر سەرۆك بۆش بۆ دەست هەڵگرتن لە گفتوگۆ لەسەر ناردنی هێزی زیاتر بۆ ناو بەغدا.

بایدن، بە سود وەرگرتن لە پشووەکان و ئاهەنگی سەری ساڵ ویستی سەرنجی میدیا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بە بەستنی کۆنفرانسێکی تەلەفونی و بە دەرکەوتن لە شاشەی بەرنامەی (The Early Show) ی تەلەفزیۆنی CBS کە لەوێوە وتی لەو باوەڕەدام کۆماریەکان زیاتر لە دیموکراتەکان دەدۆڕێنن لە

ساڵی 2008 دا ئەگەر شەڕ لە ئێراق بەردەوام بێت و هێزە ئەمریکیەکان بەم ژمارە زۆرەیان بمێننەوە لە ئێراق.

لە حاڵی حازردا ژمارەی هێزە ئەمریکیەکان لە ئێراقدا بە 140، 000 مەزەندە دەکرێت.

بۆ بینینی پلانی بایدن دەربارەی ئێراق بڕوانە ئەم لینکە:

http://biden. senate. gov/biography